# فەنا بوون

**سەرهەنگ خامۆش**

Xamosh_s@hotmail.com



1

## ئەمجارەیان کە هاتمە لات

دەبمە چەند دلۆپە حەزێ

لەدرزی پەنجەرەکەتەوە

دێمە ژورێ وەکو باران

وەك چیرۆکی شەوانی

سەرماو سۆڵی بەرئاگردان

وەك عاشقێك

لەم شەوەدا دەبمە ڕۆمان

2

ئەمجارە دێم

چی خەونی پڕ حەسرەت هەیە

دەیگێڕمەوە...

دەیکەم بە قەسیدەیەك و

لە ژێر تاڵە بەندی قژی خاوت

دەیخوێنمەوە...

3

کێ چیرۆکی ئاوێتە بونی*

ڕۆحی لەبیرە؟

کێ دەزانێ ئەم سەفەرە

دڵی خامۆش گەنجە یاپیرە؟

4

ئەمجارەیان

وەك هیچ جارێکی تر نیە

سەر سوڕمانە

جاویدانی کەساسی خۆم

فەنابونە

لە ئامێزی چاوەڕوانی

هۆگری تۆم..

5

ئەم سەفەرە ڕێبوارێکی

گەلێ ماندووم

بەتاسەوە لەمەملەکەتی

ئەوینەوە هاتووم

هاتووم..سەربەسینەت بنێمەوە

لەژێر ڕەشماڵی پرچی تۆ

تاوێکیش بێ ..بسێمەوە

6

ئەمجارەیان

لە خشپەی هەنگاوەکانم مەترسە

لە بوون وهاتنی

ئەم سەفەرەم مەپرسە

ئەوە منم پرچی خاوی شەوی یەڵدا

دەهۆنمەوە..

منم پێکی چاوەڕوانی

لەباوەشی گەرمی تۆدا

دەخۆمەوە..!

ئاوێتە بوونی ڕۆح هۆنراوەیەکی خۆمە لە نامیلکەی لەژێر*

شەپۆڵەکانی خۆردا بڵاو بۆتەوە.